www.kurdistannet.org
15-2-2007 19:06 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

# یەکگرتوی ئیسلامی حەسەن ئاوارە مرد؟! ... پێشڕەو حەمید

حەسەن ئاوارە ئەو پیاوە ڕۆح سپی یە بووکە لە چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی پارچە (عەرزە) خوراوەکەیدا، سەری نایەوە و کۆڵێك خەون و خۆزگەی سەوزی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە، حەسەن ئاوارە ئەو پیاوە ڕۆح پاکەبوو کە هەمیشە ئیسلامیی یەکانی شاری دەربەندیخان شانازیان پێوەدەکردو بەچاوی ڕێزیشەوە تەواوی خەڵکی دەربەندیخان لێیان دەڕوانی، حەسەن ئاوارە ئەو پیاوە سەرکێشە ئیسلامیی یەبوو کە لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لەسەر (ئیخوان موسلیمین) کەوتەزیندانی بەعسی یەکانەوە و خۆڕاگرانە لەبەردەم جەلادەکانی بەعسدا، لەبەردەم ئازارو ئەشکەنجەداندا سەربەرزانە گرەوەکەی بردەوەو هاتەوە نێو کۆڕی خەبات و خێزانەکەیەوە هەروەك (بیلالی حەبەشی) ئەو پیاوە خۆڕاگربوو، (حەسەن ئاوارە) ئەو ئیسلامی یە خوێن گەرمە بوو کە چەندین کادیری لە دەربەندیخاندا بۆ یەکگرتوی ئیسلامی پێگەیان کە ئێستا هەریەکە لەو کادیرانە لێپرسرا و کاربەدەستی ئەو حیزبەن و (حەسەن ئاوارە) ش لەبەر ئەوەی هەزارو کەم دەست بوو هەروەك خۆی بەئاوارەیی مایەوە؟! (حەسەن ئاوارە) وەك هەرزیندانیی یەکی تری سیاسی ئەندامی کۆمەڵەکەی زیندانەسیاسی یەکانی کوردستان بوو، پارچە زەوی یەکی بۆ دەرچوو بە نوسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار زمارە (11557) لەرۆزی (2004/6/1) و زمارەی (عەرزە) ەکەیشی (174/77) بوو، بەڵام پاش تەنها (16) ڕۆز لە سەرداوای بەرپرسانی پێشوتری زیندانەسیاسی یەکانی دەربەندیخان و بەنوسراوی هەمان وەزارەت لە بەرواری (2004/6/17) زمارە (13570) پارچە زەوی یەکەیان گۆڕیو دایان بەکەسێکی ترو تا ئەو کاتەی سەری نایەوە هەرچاوەڕوانی وەرگرتنەوەی دەکرد؟! ئەوانەی زەوی یەکەیان بەو دەردەبرد لەسەر دەستی لیزنە تازەکە کە حەسەن ئاوەرو هاوڕێکانی پێشتربە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیانەدا هەڵیان بزاردن درانە دادگا و تائێستاش سەربەستانە لەنێو شاردا پیاسەدەکەن و (ئاوەرە) ش لەژێرگڵدا خەمی بی نانی خێزانەکەی ڕەنگی ئەوەندەی تر زەرد کردووە؟! یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، ئێوە کەنەتان توانی بەرگری لە ئەندامێکی خۆتان بکەن و پارچە زەوی یە داگیرکراوەکەی بۆ وەربگرنەوە ئیدی چۆن چاوەڕوانی ئەوتان لێبکرێت کە هەزاران پارچە زەوی داگیر کراوی هاوڵاتیان لە دەست پیاوە نابەرپرسەکانی دەسەڵات وەربگرنەوە؟؟ ئێوە یەکگرتوی ئیسلامی خۆتان بە باوکی حیزبە ئۆپۆزسیونەکانی کوردستان دەناسێنن و شانازی بەخۆتانەوە دەکەن کە خاوەنی (5) کورسی نێو پەرلەمانی عێراقن، کەچی نەتان توانی تۆزێك لە خەمەکانی حەسەن ئاوارە کەم بکەنەوە و دەستی ناز بەسەر برینەکانی سەردەمی زیندانی کردنیدا بهێنن؟! ئێوە ئۆپۆزسیۆنن یان فەرمانبەرێکی شەرمنی دەسەڵات؟ ئێوە بەڕاست یەکگرتون لەهەموشتێکدا یان یەکگرتووتان تەنها ناوێکەو بەس؟؟ ئەگەر یەکگرتون بۆچی یەکگرتوانە بەرگری تان لە حەسەن ئاوارەی ڕەحمەتی نەکرد؟ یەکگرتوی ئیسلامی ئێوە بەو پیاوە وە حیزبون، ئێوە بە سەروەری یەکانی ئەو پیاوە وە جوان بون، ئێوە بە ناوی حەسەن ئاوارەوە گەورەبون، ئێستا چی بەخۆتان دەڵێن کە (ئاوارە) بەدڵێکی بریندارەوە ئۆغری کردو ئەوانەی دڵیان پڕکرد لە خەم و ئازار بەئۆتۆمبیلەکانیان تۆزو خۆڵ دەکەن بەسەرو چاووتاندا؟! یەکگرتوی ئیسلامی حەسەن ئاوارە مرد، مردنی ئاوارەش لەچاوەڕوانی وەرگرتنەوەی پارچە (زەوی) یە داگیرکراوەکەیدا مردنی ئێوە ی ئیعلان کرد.

تێبینی: حەسەن فەتحوڵا ناسراو (بەحەسەن ئاوارە) ڕۆزی یەکشەمەی ڕابردوو لەبەرواری (2007/2/11) لەزێدی خۆی لەشاری دەربەندیخان کۆچی دوای کردو لەگەڵ بەهەشتی (مەجید قادر زەهاوی) و (حەسیبە عەزیز محمد) کەئەندامی کۆمەڵەی زیندانەسیاسی یەکانی کوردستان بون بەنوسراوی زمارە (11557) ی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزرا لەبەرواری (2004/6/1) یەکی پارچەیەك (عەرزە) یەیان بۆ دەرچوو، بەڵام بەرپرسانی ئەو کاتەی کۆمەڵەی زیندانە سیاسیی یەکانی دەربەندیخان عەرزەکانیان دا بە چەند کەسێکی تر؟!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.